وشای وگیانی عشقانەی پڕ ئەوین وپاك وبێگەردی نالیان جارێکی تر ئاوێتەی خاك وخۆڵ وحەبیبە وکردەوە بەم شانۆیە.

شانۆیی تەرازوو،بەرهەمی تیپی شانۆی مەشخەڵ بوو لەنوسینی ئەمین میرزا کەریم دەرهێنانی‌محەمەد مەلا ئەسعەدلەساڵی ١٩٨٧ لەهۆڵی مەڵبەندی لاوانی ڕانیە نمایش کرا کەباسی لەبێتاوانی کەسێك دەکرد وبەڵام لەبەر ئەوەی ئەو یاسایەی کەلەو وولاتەدا پەیڕەودەکرا لەناو ناوەڕۆکی شانۆکەدا حوکمی مەرگ وگیان کێشانی دا بۆئەم بێتاوانە.

شانۆیی ئەو پیاوەی بوو بەسەگ،لەنوسینی نوسەری بیانی(ئۆزڤاڵدۆ دراگۆن)وەرگێڕانی ئازاد حەمە شەریف ودەرهێنانی کەماڵ ئالانی لەبەرهەمی تیپی شانۆی ڕۆشنبیر بوو،کەلە هۆڵی مەڵبەندی لاوانی ڕانیە نمایش کراکەلە بەرواری ١٩٨٨/١/١٧ ناوڕۆکی شانۆیی ئەو پیاوەی بوو بەسەگ باسی لەکولە مەرگی ژیانی مرۆڤێك دەکرد کەلە پێناو مانەوەی وەك مرۆڤ ژیانێکی مەمەرە ومەژی ئامادەی خۆنیشان دەدا بۆئەوەی وەك پاسەوانێکی سەر ماڵی سەرمایەدارێك ببێتە سەگ کەبەمەش گۆڕانێکی ناتەبیعی بەسەر شێوەی پەیوەندی وهەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەی دا دێت.

شانۆیی(شێتەکانی ئەم ڕۆژگارە) نوسینی نوسەری بەناوبانگی یۆنانی دیمیتری باساناس وەرگێڕانی ئازاد حەمە شەریف ئەم شانۆییە بەرهەمی تیپی شانۆی ڕۆشنبیر بوو،لەدوو کاتی جیاوازدا بەشێوازی جیا لەڕووی دەرهێنان ونمایشەوە،نمایش کراوە،یەکێکیان لەبەرواری ١٩٨٩/١١/٢٠ لەهۆڵی مەڵبەندی لاوانی ڕانیە،کەلە دەرهێنانی هەژار محەمەد ڕەسول بوو،کەسەرکەوتنێکی گەورەی لەڕووی نواندن وتوانای دەرهێنانەوە بەدەست هێناو هەرئەم سەرکەوتنەش بووە هۆی ئەوەی بەم شانۆیە جارێکی تر لەڕێگای مامۆستا حەمە عەزیز بەکرەجۆیەوە لەسەر شێوازێکی نوێتر لەڕووی دەرهێنان ونواندنەوە کەئاڵوگۆڕێکی نەوعی بەسەر چۆنیەتی ئەدا وئیما وجوڵەی ئەکتەر وچەندین وێنە پانتۆمایني بەتەعبیری پڕمانا کەهەرهەموویان ڕاستەوخۆ لەخزمەت بیرۆکەی شانۆیەکەدابوون،کەبەم هەموو گۆڕانکاریەوەکەبەسەر ئەم دەقە شانۆیەمان داهێنا یوەهۆی ئەوەی بتوانین بەشداری بکەین لەڤیستڤاڵی ساڵانەی مەڵبەندەکانی لاوان لەسەر مستەوای پارێزگای سلێمانی لەبەرواری ١٩٩٠/٨/٢ لەهۆڵی فاڕابی لەشاری سلێمانی توانیمان نمایشی بکەین ئەم شانۆیە لەناو کێبرکێی زۆربەی قەزاکانی شاری سلێمانی توانیمان سێ جائیزە وپلەی یەکەمی ڤیستڤاڵەکەش مسۆگەربکەین،کەباشترین ئەکتەری کچ بۆئێمە خاتوو(تەلار جەمال هیران)بوو،وەباشترین ئەکتەری کوڕ بۆ(کاوە عبدولا ئەحمەد)بوو،وەباشترین دەق ودەرهێنان بۆ(مامۆستا محەمەد عەزیز)بوو،کەلیژنەی هەڵسەنگاندن بریتی‌بوون لەمامۆستایی شانۆی لەشاری سلێمانی(ئیسماعیل هەورامی) خاتوو(تریفە جەمال) و نووسەروڕەخنەگری شانۆیی(محەمەد ئەحمەد ئابلاخی)بوون،ئەم شانۆیە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا چ لەسلێمانی وچ لەڕانیە وەلەڕووی ناوەڕۆکەوە بریتی بوو لەدەست نیشانکردنی ئاسەوارەکانی پاشماوەی شەڕ کەلە هەرووڵاتێکدا ڕوودەدات کۆ!مەڵێك دیاردەی نەخۆش ومالْ



وێرانی ونگبەتی ودەردەسەری لەپاش خۆی بەجێدێڵێ،یەکێك لەوانە نووسەر هەستاوە کۆمەڵێك شێتی هێناون کەهەریەکەیان تەعبیرلە چین وتوێژی فئەیەکی دیاری ناو کۆمەڵگە دەکات.وەهەر هەموو ئەو شێتانەشی لەناو یەك کەسایەتی کەپاڵوانی سەرەکی ناو درامایەکەیە بەرجەستەکردووە.کەمن یەکێك لەو کەسایەتیانەی کەلەو شانۆیەدا بینیم پاڵوانی سەرەکی ئەو شانۆیەبوو،کەبە خۆشترین ڕۆژ لەژیانی هونەری خۆمی دادەنێم،لەبەرئەوەی ئەوەندە بەخەستی وبەقوڵی چوبومە ناو بوعدەکانی ئەم کەسایەتیەوە کە خەریك بوو هەتاهەتایە شێتبم.تەنانەت لەسەر تەختەی شانۆ چی‌جلوبەرگم هەبوو هەرهەموویم داکەندو بەمەش لەناو ئاپۆرەی پڕحەماسیەتی چەپڵە ڕێزانی جەماوەری ناو هۆڵەکەدا ئەوەندەی تری حەماسیەتی‌چونە ناو دەورەکەم کاریگەرتر بوو. بەداخەوە ناکرێ لەئاوا بابەتێکدا ناوی ئەو هەموو بەشدارانەی لەو بەرهەمەشانۆیەدا بەشدابوون بنوسین لەبەرئەوەی ڕێژەیەکی یەکجار زۆرەو لەوانەشە کۆمەڵکیانمان لەبیربچێ لەناو نەهێنانیان کەهیوادارم بم بەخشن،قسەکردن لەسەر سەرجەم ئەو دەقە شانۆیانەی لەم شارەدا نمایش کراون لەوانەیە زۆر لەوەزیاتر هەڵبگرێ لەچوارچێوەی بابەتێکی ئاوادا هەرهەمووی بێ‌پەڕاندنی خاڵ وفاریزە بنوسرێتەوە.بۆیە چەندین شانۆی تر نمایش کراون لەوانە شانۆی (ئاوای‌وون بوو) کەمامۆستا کەمال ڕەووف هەنجیرەیی ئامادەو پێشکەشی کردووە بەکارەکتەرانی شاری ڕانیە لەوانە شانۆکاری سەرکەوتوو لەسەر ئاستی کوردستان خەرمان جەمال هیرانی کاك سیامەند مامەی کۆچکردوو وکاك ئەمیر مەحمود وئاراز عارف وچەندانی‌تر،لەسەرەتای مانگی ١٩٩٢/٣ نمایش کرا لەهۆڵی(٥)ی‌ئازار، دوای ڕاپەڕین کەئەمەشیان لاپەڕەیەکی تری درەوشاوەی بزووتنەوەی شانۆییە لەو شارەدا ئەگەرچی لەئاستی خەون وخولیاکانی هونەرمەندان وشانۆکاراندا نەبووە،بەو پێیەی کەلەدوای ڕاپەڕینچەندین ناوەند وکەناڵی هونەری بۆ هاوکاری کردنی کاری هونەری لەسەر شێوەی ڕێکخراو هاتنە ناو مەیدانی جوڵانەوەی هونەری.کەمن نامەوێ هۆکارەکانی دەست نیشانبکەم بەڵام دوای ڕاپەڕینیش ئەگەرچی جۆرێك لەپوکانەوە وسستی لەڕاپەڕاندنی کاری شانۆیدا سەری هەڵدا بەڵام دواتر